ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە
ژمارە(٤٨) پـاییـز (٢٠٢٤)
سیاسیـــة، اجتماعیة فصلیة
گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## ڕێزێک بۆ
## دەیڤد گرایبەر



سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایک



ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ




وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەک

لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک
ڕامین گارا

شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر

واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف

2024

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لەسەر دەربڕینی ئەو هیوا نوێیە دەکات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤




# ڕێزێک بۆ
# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
مەنسوور تەیفووری
شاهۆ عوسمان
وریا ئەحمەد
فازڵ مەحموود
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
سوورێن ئیبراهیم
ئیمان سەلیم
شادیار شۆڕش
مەریوان کاکەیی
هەردی دولبەر

**دیزاین**

گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**

چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**

٥٠٠دانە

**نرخ**

٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**

پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**

٤٨





**دەستەی نووسەران:**

نەجیبە قەرەداخی
پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**

د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**

گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست

سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................................ ٩
پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١
شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩
کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................................ ٨١
وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧
کۆلۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥
واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩
لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥
سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەكگوان ........................................ ١٣٢
ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................................ ١٤٥
لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧
«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرابەر ........................................ ١٨٣
قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١
تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................................ ٢١٥
ڕانان بۆ پەرتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

## لەبری پێشەکی:

«گۆشـەگیریی بەردەوامـە... ئەگـەر هەلومـەرج بڕەخسـێنرێت، هێـزی تیـۆری و پراکتیکیـی ئـەوەم هەیـە ئـەم دۆخـە لـە زەمینـەی پێکـدادان و توونـدوتیژییـەوە بگوازمـەوە بـۆ زەمینەیەکـی یاسـایی و سیاسـی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان

٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# کۆڵۆنیاڵ و دژماناکانی چەمکی کۆزمۆپۆلیتانیزم لای ئیمانوێل کانت

شاهۆ عوسمان

ئەگەرچی کانت ڕاستەوخۆ لەبارەی کۆلۆنیالیزمەوە نەینووسیوە، بەڵام بیروڕاکانی سەبارەت بە یەکسانیی مرۆڤەکان (Gleichheit) و ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی (Sklaverei)، کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەگرتن لە کۆلۆنیالیزم هەبووە. هەندێک لەو چەمک و بنەما فەلسەفییانەی کانت کە پەیوەندییان بە کۆلۆنیالیزمەوە هەیە، لەنزیکەوە پەیوەندییان بەو دۆخەوە هەیە.

### چەمکە سەرەکییەکان

١. ئیمپەراتیڤی ڕەها (Kategorischer Imperativ): کانت پێی وایە مرۆڤ پێویستە هەمیشە بە شێوەیەک ڕەفتار بکات کە پرەنسیپەکانی (Grundsätze) ببنە یاسایەکی گشتی. بەپێی ئەم پرەنسیپە، کۆیلایەتیی و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان ناڕەوایە، چونکە ناکرێت ببێتە یاسایەکی گشتیی و جیهانیی.

٢. مرۆڤ وەک ئامانج (Menschheit als Zweck): کانت جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە مرۆڤەکان هەمیشە وەک ئامانج لە خۆیاندا (Zweck an sich) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک وەک ئامراز (Mittel). ئەمە بەواتای ڕێزگرتن لە ئازادیی و بەهای تاکەکانە. کۆلۆنیالیزم پێچەوانەی ئەم پرەنسیپەیە، چونکە مرۆڤەکان وەک ئامراز بۆ بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیستەکان بەکار دەهێنێت نەک وەک ئامانج لە خۆیاندا.

٣. کۆنفیدراسیۆنی جیهانیی (Weltbürgerrecht): کانت لە وتارەکەیدا بەناوی (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی) باسی پێویستی دامەزراندنی

کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانیی دەکات، کە تێیدا هەموو مرۆڤەکان وەک هاووڵاتی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەمە بەواتای ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئیمپریالیزم (Imperialismus) و داگیرکارییەکە.

٤. کۆزمۆپۆلیتانیزم (Kosmopolitismus): ئەمە چەمکە سەرەکی و سەنتەرییەکە لای کانت کە پشتیوانی لە بیرۆکەی هاووڵاتیبوونی جیهانیی دەکات و پێی وایە هەموو مرۆڤەکان ئەندامی کۆمەڵگەیەکی جیهانین و پێویستە بەپێی پرەنسیپە ئەخلاقییە گشتییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەم بیرۆکەیە دژی ئەو جیاکاریی و سنووربەندییە نەتەوەیی و ئیتنیکییانەیە وا بناغەی کۆلۆنیالیزمن. هەرچەندە کانت لە هەندێک بابەتدا بۆچوونی جیاوازی هەبووە (بۆ نموونە لەبارەی نەژادەکانەوە)، بەڵام بنەما فەلسەفییەکانی سەبارەت بە ئازادیی، یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ، بوونەتە سەرچاوەی سرووش بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆلۆنیاڵیزم و داکۆکیی لە مافی گەلانی ژێردەستە.

**لە پەراوێزی چەمکە سەرەکییەکانەوە**

ئیمپەراتیڤی ڕەها (Kategorischer Imperativ):

کانت ئەم چەمکە لە کتێبی "بنەماکانی میتافیزیکای ئەخلاق" (Grundlegung zur Metaphysik der Sitten) باس دەکات. بەپێی ئەم پرەنسیپە، کردارێک تەنها کاتێک ئەخلاقییە کە بتوانرێت

وەک یاسایەکی گشتی بۆ هەموو مرۆڤەکان جێبەجێ بکرێت. کانت دەڵێت: "کردار بەپێی ئەو پرەنسیپە ڕێک بخە کە لەهەمان کاتدا دەتەوێت ببێتە یاسایەکی گشتی" (Handle nur nach derjenigen Maxime, durch die du zugleich wollen kannst, dass sie ein allgemeines Gesetz werde). بەپێی ئەم بنەمایە، کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان، وەک ئەوەی لە کۆلۆنیالیزمدا ڕووی داوە، ناتوانرێت قەبووڵ بکرێت، چونکە ناکرێت وەک یاسایەکی گشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی سەیر بکرێت.

*مرۆڤ وەک ئامانج (Menschheit als Zweck):*

کانت ئەم بیرۆکەیەش لە (بنەماکانی میتافیزیکای ئەخلاق) شی دەکاتەوە. پێی وایە پێویستە هەموو مرۆڤەکان (هەمیشە لەهەمان کاتدا وەک ئامانج لە خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک وەک ئامراز،

(Handle so, dass du die Menschheit sowohl in deiner Person, als in der Person eines jeden andern jederzeit zugleich als Zweck, niemals bloß als Mittel brauchst).

ئەمە بەواتای ڕێزگرتن لە شکۆ (Würde) و سەربەخۆیی مرۆڤەکانە. کۆلۆنیالیزم ئەم بنەمایە پێشێل دەکات، چونکە داگیرکەران خەڵکی ژێردەستە وەک ئامراز بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن.

*کۆنفیدراسیۆنی جیهانی (Weltbürgerrecht):*

لە وتاری (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی (Zum ewigen Frieden)، کانت جەخت لە پێویستی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانی دەکاتەوە، کە بنەماکانی مافی نێودەوڵەتی (Völkerrecht) و مافی هاوولاتیبوونی جیهانیی (Weltbürgerrecht) بپارێزێت. کانت پێی وایە (مافی هاوولاتیبوونی جیهان پێویستە بە مافی میوانداریێتی (Hospitalität) سنووردار بکرێت، واتە مافی هەموو بیانییەک بۆ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکەوە وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت ئەگەر بە ئاشتی سەردانی خاکەکەی بکات.

(Das Weltbürgerrecht soll auf Bedingungen der allgemeinen Hospitalität eingeschränkt sein).

ئەم دیدگایە دژی داگیرکاری و زاڵبوونی کۆلۆنیالیستییە.

*کۆزمۆپۆلیتانیزموس (Kosmopolitismus):*

کانت لە بەرهەمەکانیدا، بە تایبەتی (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی) و (ئایدیای مێژوویەکی گشتی لە ڕوانگەیەکی کۆزمۆپۆلیتانییەوە" (Idee zu einer allgemeinen Geschichte in weltbürgerlicher Absicht)، داکۆکی لە کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات. بەپێی ئەم بۆچوونە، هەموو مرۆڤەکان ئەندامی کۆمەڵگەیەکی جیهانین و پێویستە سەروەری یاسا و ئەخلاقی گشتی بپارێزن. کانت پێی وایە مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی

کۆزمۆپۆلیتانی دەڕوات، کە تێیدا (پێشێلکارییەکان لە هەر شوێنێک وەک پێشێلکاری هەموو شوێنەکان هەست پێ دەکرێت

DieVerletzung des Rechts an einem Platz der Erde) ”
.(an allen gefühlt wird

ئەم بیرۆکەیە بناغەیەکی فەلسەفی میراتێکی گەورە بۆ بیرکردنەوە بۆ دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دابین دەکات.

*کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک بەجیهانیبوونی مرۆڤایەتیی*

ئەم چەمکە پێناسەیەکی یەکگرتووی مرۆڤایەتی وەک کۆمەڵگەیەکی جیهانی پێشکەش دەکات، کە تێیدا هەموو تاکەکان وەک هاوولاتیی جیهان (Weltbürger) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، سەرەڕای جیاوازییە نەتەوەیی، ئیتنی، یان کەلتوورییەکانیان. بەپێی کانت، کۆزمۆپۆلیتانیزم لە سەر بنەمای ئەوە وەستاوە کە هەموو مرۆڤەکان ئەندامی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی جیهانین (eine moralische Weltgesellschaft) و پێویستە بەپێی هەمان پرەنسیپە ئەخلاقییە گشتییەکان ڕەفتار بکەن. ئەمە بە واتای ئەوەیە مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی تاکەکان پێویستە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ڕێزی لێ بگیرێت، جا بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورە نەتەوەیی و سیاسییەکان. لە ڕوانگەی کانتەوە، هەر زیانێک بە مافەکانی مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا، وەک زیان بە هەموو مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت. لای کانت مێژووی مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەی پێشکەوتنی بەردەوام

بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی کۆزمۆپۆلیتانی هەنگاو دەنێت، کە تێیدا دەوڵەتان لە چوارچێوەی کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانیدا هاوکاری دەکەن و مافەکانی هەموو هاووڵاتیانی جیهان دەپارێزن.

ئەم پێشبینییە فەلسەفییە مێژووییە (geschichtsphilosophische Prognose) بە ئایدیای (پلانی نهێنی سرووشتەوە) (geheimer Plan der Natur)گرێ دراوە و بەپێی کانت، مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو ئامانجێکی کۆتایی، واتە دامەزراندنی سیستمێکی کۆزمۆپۆلیتانی ئاڕاستە دەکرێت. بیرۆکەی کۆزمۆپۆلیتانیزمی کانت کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقی هەبووە. ئەم چەمکە بناغەیەکی فەلسەفی بۆ دژایەتیی کۆڵۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزم فەراهەم دەکات، چونکە ئەم دیاردانە لە سەر بنەمای جیاکاریی و سەپاندنی دەسەڵاتی نایەکسان لەنێوان گەلان و کەلتوورەکاندا وەستاون. بە پێچەوانەوە، کۆزمۆپۆلیتانیزم داوای یەکسانیی، دادپەروەریی، و ڕێزگرتنی دووقۆڵی لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا دەکات، سەرەڕای جیاوازییەکانیان. هەروەها بیرۆکەکانی کانت سەبارەت بە کۆزمۆپۆلیتانیزم کاریگەرییان لەسەر پەرەسەندنی یاسای نێودەوڵەتی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، و پرۆژەکانی یەکێتیی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان هەبووە.

### *کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک بیرۆکەی پێشکەوتنی گەلان*

کانت لە وتاری (ئایدیای مێژوویەکی گشتی لە ڕوانگەیەکی

کۆزمۆپۆلیتانییەوە _١٧٨٤) بە تێروتەسەلی باسی بیرۆکەی کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات. لەم دەقەدا، کانت مێژووی مرۆڤایەتی وەک پرۆسەیەکی پێشکەوتنی بەردەوام بەرەو ئامانجێکی کۆتایی دەبینێت، کە بریتییە لە دامەزراندنی سیستمێکی کۆزمۆپۆلیتانی، ئەو دەڵێت،

(گەورەترین کێشە بۆ مرۆڤایەتی، کە سروشت ناچاری دەکات بۆ چارەسەرکردنی، بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی، کە مافەکان بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە دەبات. تەنها لەناو کۆمەڵگەدا، ئەویش کۆمەڵگەیەک کە گەورەترین ئازادیی و بەمەش ناکۆکییەکی بەردەوامی ئەندامەکانی و لە هەمانکاتدا وردترین دیاریکردن و پاراستنی سنوورەکانی ئەم ئازادییە هەیە، تاکو بتوانێت لەگەڵ ئازادی ئەوانی دیکەدا بگونجێت، – تەنها لەناو ئەمەدا ئامانجی بەرزی سرووشت، واتە گەشەپێدانی هەموو توانا و لێهاتووییەکانی، دەتوانرێت لەناو مرۆڤایەتیدا بەدی بهێنرێت. کەواتە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ئازادی لەژێر یاسا دەرەکییەکاندا بە گەورەترین ڕادە لەگەڵ هێزێکی بەرگەنەگر یەک دەگرێتەوە، واتە دەستوورێکی مەدەنی تەواو دادپەروەرانە، پێویستە ئەرکی بەرزی سرووشت بێت بۆ مرۆڤایەتی).

لێرەدا کانت جەخت لەسەر پێویستی دامەزراندنی (کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەکاتەوە، جا ئەمە مافەکان بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە دەبات، ئەمەش ئامانجی کۆتایی مێژووی مرۆڤایەتییە.

ئەم کۆمەڵگە کۆزمۆپۆلیتانییە پێویستە لەسەر بنەمای دەستوورێکی (تەواو دادپەروەرانە eine vollkommen gerechte)

(bürgerliche Verfassung) دابمەزرێت کە ئازادیی و مافەکانی هەموو هاووڵاتیانی جیهان دەپارێزێت.

بە هەمانشێوە کانت لە وتاری (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی_١٧٩٥) بیرۆکەی مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی (Weltbürgerrecht) دەخاتە ڕوو، بەپێی ئەوە، هەموو مرۆڤەکان مافی ئەوەیان هەیە لە هەر شوێنێکی جیهاندا وەک (هاووڵاتی (Weltbürger) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لە مافە بنەڕەتییەکانیان بەهرەمەند بن. ئەو دەڵێت:

(پێویستە مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی بە مەرجەکانی میوانداریێتی گشتییەوە (Hospitalität) سنووردار بکرێت. – لێرەدا، وەک لە بڕگەکانی پێشوودا، باس لە خێرخوازی نییە، بەڵکوو باسی ماف دەکرێت، لەم ڕووەوە میوانداریێتیی بەو مافەی بیانییەک دەگەیەنێت کە لەبەر گەیشتنی بە خاکی کەسێکی دیکە، نابێت وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت).

لێرەدا کانت هەوڵ دەدات بنەماکانی مافێکی جیهانی دابڕێژێت کە پاراستنی کەرامەت و مافەکانی هەموو مرۆڤەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری نەتەوەیی و سیاسییەکان، گەرەنتی بکات. ئەم دیدگایە بناغەیەکی فەلسەفی بۆ نەهێشتنی کۆڵۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزم مسۆگەر دەکات، چونکە ئەم دیاردانە بنەماکانی مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی و ڕێزگرتن لە مرۆڤەکان وەک (ئامانج لە خۆیاندا) پێشێل دەکەن.

*کۆڵۆنیاڵیزم وەک پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزم*

کانـت کۆڵۆنیاڵیـزم بـە دیاردەیەکـی نادادپەروەرانـە و نـاڕەوا دەزانێـت کـە پێچەوانـەی پرەنسـیپەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزمـە. لـە ڕوانگـەی کانتـەوە، کۆڵۆنیاڵیـزم لـە سـەر بنەمـای بەکارهێنانـی هێـز و سـەپاندنی دەسـەڵاتی نایەکسـان لەنێـوان گـەلان و کەلتوورەکانـدا وەسـتاوە، ئەمە پێشـێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسـای نێودەوڵەتییە. کانـت لـە وتـاری (بـەرەو ئاشـتییەکی هەمیشـەیی)ـدا ڕەخنەیەکـی تونـد لـە کۆڵۆنیاڵیـزم دەگرێـت، مەبەسـتییەتی بڵێـت، ئـەم پراکتیکـە مامەڵەیەکـی دوژمنانـە (feindselig) و دژ بـە (مافـی هاووڵاتیبوونـی جیهانـی Weltbürgerrech)ـیە. لەوێـدا دەڵێـت:

(ئەوانـەی دەیانەوێت ئـەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەن و سـەرنجی ڕەفتـاری نامیهرەبانانـەی دەوڵەتـە شارسـتانی و بازرگانییەکانـی ئـەم بەشـەی جیهانەمـان بـدەن، دەبینـن: ئـەوان لـە سـەردانی وڵاتـان و گەلانـی بێگانـەدا (کـە لای ئـەوان وەک داگیرکاریـی بۆیـان دەچێـت) مافیـان پێشـێل دەکـەن، ئـەم وڵاتانـە، ئەمریکا، وڵاتـی ڕەشپێسـتەکان، دوورگەکانـی بۆنوبـەرام و هتـد... لـە کاتـی دۆزینەوەیانـدا بـۆ ئـەوان وڵاتـی هیـچ کـەس نەبـوون، چونکـە دانیشـتووانەکەیان بـە هیـچ دادەنـان، لەشـکری بێگانەیـان بـۆ ئـەوێ بـرد تاکـو لـەوێ نیشـتەجێ بـن و بـە گرێبەسـتی زۆرەملـێ دەسـتیان بەسـەریاندا گـرت).

لێـرەدا کانـت ئامـاژە بـە پراکتیکـە سـتەمکارییەکانی کۆڵۆنیاڵیـزم دەکات، وەک هێرشـکردنە سـەر سـەرزەمینی گەلانـی دیکـە، پشتگوێخسـتنی مافـی دانیشـتووانی ڕەسـەن، سـەپاندنی دەسـەڵاتی

داگیرکاریـی لـە ڕێـی هێـز و گرێبەسـتی نایەکسـانەوە. بەپێـی کانـت، ئـەم کردەوانـە پێچەوانـەی پرەنسـیپەکانی کۆزمۆپۆلیتانیـزم و مافـی هاووڵاتیبوونـی جیهانیـن، کـە داوای ڕێزگرتـن لـە کەرامـەت و مـاف یەکسـانەکانی هەمـوو مرۆڤـەکان دەکـەن.

بـە پێچەوانـەی کۆلۆنیاڵیزمـەوە، کۆزمۆپۆلیتانیـزم چوارچێوەیەکـی یاسـایی و ئەخلاقی پێشـکەش دەکات کە پێویسـتە پەیوەندییەکانی نێوان گـەلان و دەوڵەتـان ڕێـک بخـات. کانـت داوا دەکات هەمـوو مرۆڤـەکان، سـەرەڕای ڕەگـەز، نەتـەوە، یـان کەلتووریـان، وەک ئەندامـی یـەک کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتیـی مامەڵەیـان لەگـەڵ بکرێـت و خاوەنـی هەمـان مـاف و کەرامـەت بـن. ئەمـە بناغەیەکـی دادپەروەرانـە و یەکسـان بـۆ پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دابین دەکات، کە لەسـەر بنەمای هاوکاریی و ڕێزی دووقۆڵیی نێـوان گـەلان دامـەزراوە، نەک سـەپاندنی دەسـەڵاتی لاوەکـی. بـەم شـێوەیە، کۆزمۆپۆلیتانیزمـی کانـت وەک ئەلتەرناتیڤێکـی ئەخلاقیـی بـۆ کۆلۆنیاڵیـزم و ئیمپریالیـزم دێتـە بەرچـاو.

### *ڕیشەی چەمکی (کۆزمۆ_پۆلیت)*

کۆزمۆپۆلیتانیـزم یەکێکـە لـە چەمکـە سـەرەکییەکانی فەلسـەفەی سیاسـی و ئەخلاقـی کانـت. لـە وشـەی یۆنانـی (کۆزمۆپۆلیتێـس_ kosmopolitês)ـەوە هاتـووە و بـە واتـای _هاووڵاتـی(ی) جیهـان_ دێـت. لای کانـت، کۆزمۆپۆلیتانیـزم ئایدیایەکـی ڕێنوێنیکـەرە و داوا دەکات هەمـوو مرۆڤـەکان وەک ئەندامـی یـەک کۆمەڵگـەی ئەخلاقـی

جیهانی مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، سەرەڕای جیاوازییە نەتەوەیی، کەلتووریی یان جوگرافییەکانیان. کانت لە چەند بەرهەمی جیاوازدا باسی کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات، بە تایبەتی لە وتارەکانی (ئایدیایەک بۆ مێژوویەکی گشتیی لە ڕوانگەیەکی کۆزمۆپۆلیتانییەوە_ ١٧٨٤) (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی_ ١٧٩٥).

لەم دەقانەدا، کانت ئەرکێکی ئەخلاقیی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای مافە یەکسانەکانی هەموو مرۆڤەکان، سەربەخۆ لە سنوورە سیاسییەکان، دادەنێت. لە ڕوانگەی کانتەوە، کۆزمۆپۆلیتانیزم پێویستییەکی ئەقڵانییە بۆ پاراستنی ئاشتی و دادپەروەری لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلاندا. ئەو پێی وایە گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتیی بەرەو ڕێکخستنێکی کۆزمۆپۆلیتانی دەڕوات و تێیدا ململانێ سیاسی و ئابوورییەکان چارەسەر دەکرێن و مافەکانی تاک لە سەر ئاستی جیهانیی دەپارێزرێن. کانت ئەمە وەک ئامانجێکی ئەخلاقیی دەبینێت کە پێویستە لە سەر هەموو دەوڵەت و تاکەکان کار بۆ وەدیهێنانی بکەن. تێگەیشتنی کانت لە کۆزمۆپۆلیتانیزم پەیوەندیی بە بیردۆزە گشتییەکانی لەبارەی ئەخلاق، ئازادی و پێشکەوتنەوە هەیە. بۆ کانت، سەربەستیی و خۆبەڕێوەبەریی تاک پێوەری بنەڕەتی کەرامەتی مرۆڤە، سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە شێوەیەک ڕێک بخرێن ئەم پرەنسیپانە بگرنەوە.

جێگای سەرنجە کانت کۆزمۆپۆلیتانیزم بە دژی نەتەوەخوازیی یان دەوڵەتی جیهانی نابینێتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، دەوڵەتە

نەتەوەییـە سـەربەخۆکان دەتوانـن و پێویسـتە ببنـە بەشـێک لـە پێکهاتەیەکـی گشـتگیرتری یاسـایی و ئەخلاقـی و مافـی هەمـوو مرۆڤـەکان بپارێزێـت. مەبەسـتی کانـت لـە کۆزمۆپۆلیتانیـزم هەڵوەشـاندنەوەی سـنوورە نەتەوەییـەکان نییـە، بەڵکوو دامەزراندنـی چوارچێوەیەکـی نێودەوڵەتـی بـوو کـە تێیـدا دەوڵەتـان و گـەلان لـە سـەر بنەمـای هاوبەشـی مافـی مـرۆڤ و ئازادیـی کار بکـەن.

هـەروەک چـۆن، کانـت کۆزمۆپۆلیتانیـزم بـە پێشـمەرجێکی گرنـگ دەزانێـت بـۆ پێشـکەوتنی مێژوویـی مرۆڤایەتـی و گەشەسـەندنی ئەخـلاق و ئەقڵانییـەت. لـە دیـدی ئـەوەوە، تەنهـا لـە ڕێگـەی دامەزراندنـی پێکهاتەیەکـی یاسـایی و سیاسـی جیهانییـەوە دەتوانرێـت ئاشـتی هەمیشـەیی و چارەسـەری ئاشـتیانەی کێشـە و ناکۆکییـەکان دەسـتەبەر بکرێـت. ئەمـەش بنەمـای سـەقامگیریی و پێشـکەوتنی درێژخایەنـە. کەواتـە کۆزمۆپۆلیتانیـزم بـە تەنهـا ئایدیایەکـی سیاسـی یـان یاسـایی نییـە لای کانـت، بەڵکـوو بەشـێکی گرنگـە لـە فەلسـەفە گشـتگیرەکەی لەبـارەی مـرۆڤ و کۆمەڵگـە و مێـژووەوە. ئامانجـی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جیهانیی کە تێیدا مافی هاووڵاتیبوونـی جیهانـی بـۆ هەمـوو کەسـێک دەسـتەبەر دەکرێـت و لەسـەر بنەمـای ئەخـلاق و یاسـای ئەقڵانـی دادەمەزرێـت. کۆزمۆپۆلیتانیـزم پرۆژەیەکـی ئەخلاقـی و سیاسـییە و کانـت بـە پێویسـتی دەزانێـت بـۆ ئـەوەی مرۆڤایەتـی بگاتـە قۆناغێکـی بەرزتـر لـە پێشـکەوتن و ڕۆشـنگەریی.

## سەرچاوەکان:

1. Kant, Immanuel. “Idee zu einer allgemeinen Geschichte in weltbürgerlicher Absicht.” 1784. In: Akademieausgabe (AA) Band VIII, S. 15–31

2. Kant, Immanuel. “Zum ewigen Frieden. Ein philosophischer Entwurf.” 1795. In: Akademieausgabe (AA) Band VIII, S. 341–386.

★★★

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلامو حسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەر مارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com